هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکاتییا زانکۆیا پۆلیتەکنیکی یا دهۆک
رێڤەبەریا کاروبارێن زانستی/ هوبا بەرزکرنا پلا زانستی

إقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة دهوك التقنية
مديرية الشوؤن العلمية/ شعبة الترقيات العلمية

Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research, Duhok Polytechnic University
Directorate of Scientific Affairs/ Scientific Promotion Unit

ژمارە (الرقم): ٢٧٧

٢٠٢١/٦/١٥ زايینی - ميلادي
٢٥ / ٢٧٢١ کوردی

سەرۆکاتییا زانکۆیا پولیتەکنیکی یا دهوک
دەرکرن

بو/ هەمی کولیژ و پەیمانگەهێن سەرب سەروکاتیا زانکۆیا پولیتەکنیکی یا دهوک
ب/ گشتاندن

رێزو سلاڤ ...

هەوەیێن بەرێز ئاگەهداردکەین کار دێ ب ڤان هەردوو فەرمانێن وزاری یێن ژمارە (١٣١٢) ل (٢٠١٦/١١/١٥) و یا (٣٩٢٠) ل (٢٠٢١/٣/١٧)یێن هەموارکرنا رێنمایێن پلە بەرزکرنا زانستی هێتە کرن ، بو زانین و کارێ کرنا پێدڤی.

دگەل رێزگرتنێ ............

**هەڤپێچ:**

- فەرمانێ وزاری یێ ژمارە (١٣١٢) ل (٢٠١٦/١١/١٥)
- نڤیسارا وەزارەتا خواندنا بلند و تویژینێت زانستی/ فەرمانگەها تویژینەوە و پەرەپێدان یا ژمارە (٣٩٢٠) ل ٢٠٢١/٣/١٧.

پەیمانگەی تەکنیکی بەردەرەش
وەرگرتە
ژمارە: ٣٨٠
بەروار: ٢٠٢١/٦/١٧

پ.ه. د. زیرك عزیزخان احمد
هـ س. زانکۆیێ بو کاروبارێن زانستی و پەیوەندییان

**وێنەیەک بوو:**

- نڤێسینگەها بەرێز سەروکێ زانکوێ/ بو زانین..... دگەل رێزگرتنێ
- هـ س. زانکۆیێ بو کاروبارێن زانستی و پەیوەندییان/ بو زانین..... دگەل رێزگرتنێ
- هـ س. زانکۆیێ بو کاروبارێن کارگێری و دارایی/ بو زانین..... دگەل رێزگرتنێ
- هەمی ریڤەبەرێن سەروکاتیا زانکوێ/ بو زانین ........ دگەل رێزگرتنێ
- رێڤەبەریا کاروبارێن زانستی/ هوبا بەرزکرنا پلا زانستی/ دگەل دەستپێکا
- دەرکرن

Awaz

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الشؤون العلمية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research


No: ژمارە: ٢٩٢٠
Date: ڕێکەوت: ١٧ / ٣ / ٢٠٢١ی زایینی
٢٧ / ١٢ / ٢٧٢٠ی کوردی

بۆ
گشت زانکۆ حکومی و تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ
نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە
ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن

## ب/ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

سڵاو و ڕێز...

دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٣٤١) لە ٢٠٢١/٢/١٣ و ژمارە (٣٥٨٦) لە ٢٠٢١/٣/٨ تایبەت بە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ هەمواری ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە زانکۆکان و دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان، بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کەوا کار بەو هەموارنەی خوارەوە دەکرێت لە ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٢) و (٢٠٢٠/١١/٢٢) و (٢٠٢٠/١٢/٢٢) پەسەند کرابوو تاوەکو دەرچوونی پەیرەوی تایبەت بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- (ماددەی شەشەم/ خاڵی ٣) بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ پلەی (مامۆستا) پێویستە دوو توێژینەوەی بە نرخ (قیم)ی لە گۆڤاری زانستیی مەحکەم بڵاوکردبێتەوە لە یەکێك لە توێژینەوەکان توێژەری یەکەم بێت، کار بە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ناکرێت.

٢- زیادکردنی خاڵێك بۆ (ماددەی شەشەم): بۆ هەموو پلەکان, لە یەک ژمارەی گۆڤاری زانستیی تەنها دوو توێژینەوە وەردەگیرێت.

٣- (ماددەی شەشەم/ ٦) مەرجە لە پاش دوا بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دەست پێکرا بێت بە توێژینەوە، جگە لەو توێژینەوانەی کە پێش بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی ئەنجام دراون و, سودیان لێ وەرنەگیراوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی.

٤- (ماددەی شەشەم/ ٦) نامەی دکتۆرا (جگە لە نامەی بۆردی پزیشکیی ئەکادیمایی) بۆ قوتابی/خوێندکارەکە, بە توێژینەوەیەکی تاك ی ڕەسەن ئەژمار دەکرێت, بە مەرجێک پاش دوا بەرزکردنەوە ئەنجام درابێت و, بۆ هیچ بەرزکردنەوەیەکی پلەی زانستیی سوودی لێ وەرنەگیرابێت.

٥- زیادکردنی خاڵێك بۆ (ماددەی هەشتەم/١) مەرجەکانی گۆڤاری مەحکەم: ت- لە (Scopus) بڵاوکرابێتەوە.

٦- (ماددەی چواردەیەم/ ٢) دەرچوون لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بۆ هەر ساڵێک بریتیە لە هێنانی کەمترین نمرەی پێویست, یان کەمترین خاڵی پێویست لە فاکتەرەکانی دڵنیایی جۆریی (زانستخوازیی بەردەوام ، فیدباکی قوتابیان ، هەگبەی مامۆستا) هەروەک لە ڕێنمایی دڵنیایی جۆریی هاتووە و, ساڵی دەرچوون لە دڵنیایی جۆریی لە (مامۆستای یاریدەدەر بۆ مامۆستا دوو ساڵ بێت) و, لە (مامۆستا بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر سێ ساڵ بێت) و, لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ پرۆفیسۆر چوار ساڵ بێت).

٧- (ماددەی چواردەیەم/ ١٠) قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا, لە ڕێکەوتی دەستپێکردنی بە خوێندن, مافی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی نابێت, هەتا خوێندنەکەی تەواو دەکات، جگە لەوانەی کە پێش دەستپێکردنی خوێندنەکەیان, ماوەی ڕێگە پێدراو بۆ پێشکەش کردنی مامەڵەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستییان ئاماژە پێکراو لە ماددەی (یازدەیەم/٢) لە ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی تەواوکردوە و, گشت توێژینەوەکانیان بڵاوکردۆتەوە, ئەوا مامەڵەیان لێ وەردەگیرێت و دەخرێتە پرۆسەوە.

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الشؤون العلمية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ٣٩٠٠/٦
Date: ڕێکەوت: ١٧ / ٣ / ٢٠٢١ی زایینی
٢٧ / ١٢ / ٢٧٢٠ی کوردی

٨- (ماددەی چواردەیەم/ ١٤) بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە زانکۆ تایبەتەکان, تەنها بۆ ستافی وانەوتنەوەی میلاکی زانکۆ تایبەتەکان دەکرێت, کە لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی دانەمەزراون، هەر زانکۆیەکی تایبەت پێویستە مامەلەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت/ فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەت و, لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەتەوە, بە نهێنیی مامەلەکە ئاراستەی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە یەکێک لە زانکۆ حکومییەکان دەکرێت و, ئەنجامەکەی بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەت، لەلایەن زانکۆی تایبەتی پەیوەندیدارەوە, فەرمانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دەردەکرێت و, پێویستە زانکۆ تایبەتەکە هەموو ئەرکە داراییەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

٩- (ماددەی چواردەیەم/ ١٦) (سەرۆکی زانکۆ، یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ، راگر) لە دڵنیایی جۆریی دەبوورێن بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی و, هەروەها ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و, دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی و ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان, ئەوانەی لە پلەی بەڕێوەبەر و بە سەرەوەن لە دڵنیایی جۆریی دەبوورێن بۆ ئەو ساڵانەی کە لەو پلەیەدان.

١٠ - (ماددەی چواردەیەم/ ١٨) توێژینەوەی هاوبەش, ئەگەر پێشتر بۆ بەرزکردنەوەی یەکێک لە توێژەرەکان نێرابوو بۆ هەڵسەنگاندن، لە کاتێک دا دوایی بۆ بەرزکردنەوە بۆ هەمان پلە و پلەیەکی خوارتر لە هەمان پسپۆڕیی پێشکەش بکرێت بۆ توێژەرێکی تر, دووبارە نانێررێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و, ئەنجامەکەی بە باش و خراپ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

١١- زیادکردنی خاڵێك بۆ (ماددەی چواردەیەم): توێژینەوەی هاوبەش بۆ مەبەستی سوودمەند بوون بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان, هەتاکو توێژەری سێیەم لەژمار دەکرێت و,بۆ زانستە پەتی و پزیشکییەکان هەتاکو توێژەری چوارەم لەژمار دەکرێت.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەل ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان / بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەل ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی/ لەگەل بەراییەکان.
- دەرکردە/ خولاو .

Kurdistan Region, Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
sa.directorate@www.mhe-krg
هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
Phone: ٠٦٦ ٢٥٦٢٢٩٦

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

ژمارە: ١٣١٢
رێکەوت: ١٥ / ١١ / ٢٠١٦ ی زایینی
/ / ٢٧١٦ ی کوردی

No:

Date:

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بەکۆنووسی لێژنەی پێکهاتوو بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٠) لە ٢٠١٦/١/٢٥ تایبەت بەپێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە ڕووی یاسایی و ئەکادیمیەوە، بڕیاردرا بە:-

١. هەموارکردنی رینمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ مامۆستایان لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە وێنەیەکی هاوپێچە.
٢. ئەم هەمــوارە لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جێبەجـێ دەکرێـت، هەر مـامەڵەیەک بەر لەو ڕۆژە پێشـکەش کرابێـت هەر بەرینماییەکانی پێشوو ئەنجام دەدرێت.

هاوپێچ:
ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

د.یوسـف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕیز راوێژکارانی وەزیر / لەگەڵ ڕیزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆ تایبەتەکان / بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕیوەبەرایەتی کاروباری زانستی/ بەراییەکان/ بۆ زانین کاری پێویست/ لەگەڵ ڕیزدا.
- دەرکردە خولاو.

# ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان

## فەسڵی یەکەم

## مەرجەکانی هەڵگرانی پلە زانستیەکان

### مادەی یەکەم: پلە زانستیەکان لە هەرێمی کوردستان

پلە زانستیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١. مامۆستای یاریدەدەر(Assistant Lecturer)
٢. مامۆستا (Lecturer)
٣. پرۆفیسۆری یاریدەدەر (Assistant Professor)
٤. پرۆفیسۆر (Professor)

### مادەی دووەم: مەرجەکانی هەڵگرانی پلەی مامۆستای یاریدەدەر

١. بڕوانامەی ماستەری ئەکادیمی هەبێت.
٢. دامەزرابێت لە دەزگایەکی خوێندنی باڵا وانە بڵێتەوە و توێژینەوە ئەنجام بدات.
٣. خولی ڕێگەکانی وانەووتنەوەی ئەنجام دابێت و تێیدا دەرچووبێت.(کە لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی هاتوە).
٤. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەستهێنابێت هەروەک لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی و نوسراوی ژمارە (١٠٨٣٠/٩) لە ٢٠١٦/٧/١٧ هاتوە.
٥. تاقیکردنەوەی پێدانی نازناوی زانستی ئەنجامدابێت و تێیدا دەرچووبێت.

## مادەی سێیەم: مەرجەکانی هەڵگرانی پلەی مامۆستا

پلەی مامۆستا بە دوو ڕێگە دەدرێت کە ئەمانەن:

ڕێگەی یەکەم:

١. بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت (یان هاوتاکەی) کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بۆ ئەنجام درابێت.

٢. لە دەزگایەکی خوێندنی باڵا دامەزرابێت و وانە بڵێتەوە و تۆژینەوە ئەنجام بدات.

٣. خولی ڕێگەکانی وانە وتنەوەی ئەنجام دابێت وتێیدا دەرچووبێت. (کە لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی هاتوە)

٤. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەستهێنابێت هەروەک لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) ڕێنمایی پێدانی نازناوی زانستی و نوسراوی ژمارە (١/٩ `٠٨٣٠) لە ٢٠١٦/٧/١٧ هاتوە.

٥. تاقیکردنەوەی پێدانی نازناوی زانستی ئەنجامدابێت و تێیدا دەرچووبێت.

٦. ئەگەر بەر لەوەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا نازناوی مامۆستای یاریدەدەری وەرگرتبێت، پێویست بە خاڵەکانی ٣و٤و٥ ناکات.

ڕێگەی دووەم:

دەبێ مامۆستای یاریدەدەر بێ لە یەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێ لە سێ ساڵ لەو ماوەیەدا بەلانی کەم دوو توێژینەوەی بەنرخی (قیم) بڵاوکردبێتەوە و خاوەن هەوڵی وانە وتنەوەی باش بێت و لە یەکێک لە توێژینەوەکان توێژەری یەکەم بێت.

## مادەی چوارەم: مەرجەکانی هەڵگرانی پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر

مەرجە ئەو کەسەی پلەی پرۆفسۆری یاریدەدەری پێدەدرێ لە پایەی مامۆستایی کاری کردبێ لە یەکێک لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا بە وانە وتنەوە بۆ ماوەیەک لە (٤) ساڵ کەمتر نەبێ و لەو ماوەیەدا بەلانی کەم سێ توێژینەوەی بە نرخی (قیم) بڵاوکردبێتەوە و یەکێکیانی بە تەنیا ئەنجام دابێ.

مادەی پێنجەم: مەرجەکانی هەڵگرانی پلەی پرۆفیسۆر

مەرجە ئەو کەسەی پلەی پرۆفیسۆری پێدەدرێ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنابێ و بەلانی کەم شەش ساڵ پلەی پرۆفسۆری یاریدەدەری بەسەردا تێپەر بوویێت و لەو ماوەیەدا هەوڵی باشی دابێ لە وانە وتنەوەدا و ژمارەیەک لە توێژینەوەی بڵاوکردبێتەوە کە بەلانی کەم لە شەش توێژینەوە کەمتر نەبێ، سێ توێژینەوەیان رەسەن – اصیل – بن و یەک توێژینەوەیان بە تەنیا ئەنجامدا بێ، جگە لە پسپۆری کوردی کە دەبێ چوار توێژینەوەیان رەسەن – اصیل - بێت.

مادەی شەشەم: مەرجەکانی ئەو تۆژینەوانەی

کە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پێشکەش دەکرێن

١. لە بواری پسپۆری وورد یان گشتی بێت.

٢. پسپۆری گشتی ئەو پسپۆریەیە کە قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا لەسەرەتادا تیایدا وەرگیراوە (بەشی زانستی ناکرێت بە پسپۆری گشتی بۆ نموونە قوتابیەکی / خوێندکارێکی ماستەر یان دکتۆرا لە پسپۆری عەرەبی لە بواری زمان یان ئەدەب، پسپۆری عەرەبی نابێتە پسپۆریە گشتیەکەی بەلکو زمان یان ئەدەب دەبێتە پسپۆریە گشتیەکەی وە هەروەها بەهەمان شێوە سەبارەت بە پسپۆریەکانی تر). پسپۆری وردەکەشی دەبێتە بابەتی توێژینەوەکەی کە نامەکەی دەربارەی نوسیوە، بۆ چەسپاندنی پسپۆری گشتی و ورد دوا بڕوانامە ئەژماردەکرێت.

٣. لە گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم بڵاوکرابێتەوە یان ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت، مەرجە کە بەلای کەم یەکێک لە توێژینەوەکان لە گۆڤار بڵاوکرابێتەوە.

٤. بۆ هیچ مامەلەیەکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پێشتر پێشکەش نەکرابێت.

٥. لە نامەکانی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرای داواکار (داواکاران) وەرنەگیرابێت.

٦. لە پاش دوا بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ئەنجام درابێت و لە بەشی زانستی تۆمارکرابێت جگە لەو تۆژینەوانەی لە نامەکانی خوێندنی بالا هەڵێنجراون (مستەل).

٧. ئەگەر دوای سێ ساڵ لە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە هەر بڵاونەکرابۆوە، ئەوا وەلادەندرێت.

٨. توێژینەوەی وەرگیراو لە نامەکانی دبلۆمی باڵاو ماستەرو دکتۆرا بۆ سەربەرشتیار (سەربەرشتیارەکان) ئەژماردەکرێت، بەمەرجێک بڵاوکرابێتەوە یان ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت و ناوی سەربەرشتیار (سەربەرشتیارەکان) قوتابیەکە/خوێندکارەکەی لەسەربێت، بۆ هەر نامەیەکی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا تەنها یەک توێژینەوە وەردەگیرێت، بۆ بەرزکردنەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە دوو توێژینەوەی هەڵێنجراو (مستەل) زیاتر سوود وەرناگیرێت و بۆ پلەی پرۆفیسۆر لە زیاتر لە سێ توێژینەوەی هەڵێنجراو (مستەل) سوود وەرناگیرێت.

٩. نامەی دکتۆرا (جگە لە نامەی بۆردی پزیشکی) بۆ قوتابی/خوێندکارەکە بە توێژینەوەیەکی هاوبەشی ڕەسەن ئەژمار دەکرێت (هەشت خاڵ وەردەگرێت بەپێی فۆرمی هەڵسەنگاندن) بە مەرجێک پاش دوا بەرزکردنەوە ئەنجام درابێت و بۆ هیچ بەرزکردنەوەیەکی پلەی زانستی سوودی لێ وەرنەگیرابێت.

١٠. نامەی بۆردی پزیشکی بە توێژینەوەی هاوبەشی ڕەسەن ئەژمار ناکرێت. هەروەها هەرتوێژینەوەیەک کە هەڵگری بڕوانامەی بۆرد بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پێشکەشی بکات پێویستە پرۆسی هەڵێنجان (استلال) ی بۆ بکرێت.

١١. توێژینەوە نهێنیەکان و زۆر تایبەتیەکان، بە فەرمانی وەزیر، لە مەرجی بڵاوکردنەوە دەبوردرێن، بەڵام بە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا دەچن. بە مەرجێ بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک ژمارەیان لە یەک توێژینەوە تێپەڕ نەکات.

١٢. توێژینەوەی بڵاوکراوە لە کۆنفرانسەکان پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- بابەتی کۆنفرانسەکە لە پسپۆری گشتی یان ووردی توێژەر بێت.
- کۆنفرانسەکە دەوری بێت و توێژینەوەکانی کۆنفرانسی یەکەم ئەژمار ناکرێت و دوادەخرێت تا کۆنفرانسی دووەم دەبەسترێت، ئەوکات توێژینەوەکانی کۆنفرانسی یەکەمیش ئەژمار دەکرێت.
- توێژینەوەکە بە تەواوی لە پرۆسیدینگی کۆنفرانسەکە چاپ کرابێت و پرۆسیدینگەکە ژمارەی سپاردنی نێودەوڵەتی ISBN یان ISSN ی هەبێت یان بەتەواوی لەسەر ئینتەرنێت هەبێت و ئیندێکس کرابێت، لەو بارە پێویستە توێژەر لینکی توێژینەوەکەی لەسەرئینتەرنێت پێشکەش بکات.

- تۆژینەوەکە لە کۆنفرانسەکە لەلایەن یەکێک لە توێژەرەکان خوێندرابێتەوە و بڕوانامەی ئامادەبوونی یەکێک لە توێژەرەکان پێشکەش بکرێت.
- ئەگەر تۆژینەوەیەک لە کۆنفرانس خوێندرابێتەوە و دوایی لە ژمارەی تایبەتی گۆڤارێک بڵاوکرابێتەوە ئەوا بە توێژینەوەی گۆڤار ئەژمار دەکرێت نەک کۆنفرانس.

١٣. داهێنانی (Patent) تۆمارکراو لە دەزگایەکی فەرمی تۆمارکردنی داهێنان بە تۆژینەوەی ڕەسەن ئەژمار دەکرێت (واتە ٨ خاڵی بۆ دادەندرێت لە فۆرمی هەڵسەنگاندن) . بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک تەنها لە یەک داهێنان سوود وەردەگیردرێت.

## مادەی حەوتەم: مەرجەکانی ئەو کتێبەی
## کە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پێشکەش دەکرێت

١. کتێبی بڵاوکراوە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- ١ لە پسپۆری وورد یان گشتی نووسەر بێت.
- ٢ داندراو بێت (کتێبی وەرگێردراو ئەژمار ناکرێت).
- ٣ ڕەزامەندی لیژنەی زانستی بەش و لیژنەی دانان و وەرگێڕانی ناوەندی زانکۆو فەرمانی زانکۆیی بە تەکلیف کردنی هەبێت بەر لە چاپکردنی .
- ٤ پێویستە بەلای کەم سێ لەسەرچاوەکانی کتێبەکە تۆژینەوەی بڵاوکراوەی یەکێک یان پتر لە دانەرەکان بن.
- ٥ لە بەرزکردنەوە، بۆ هەر پلەیەکی زانستی تەنها سوود لە یەک کتێب وەردەگیردرێت.
- ٦ لەکاتی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دەنێردرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن بەمەبەستی کۆکردنەوەی خاڵی توێژینەوە، کە ئەگەر لە هەشت خاڵ کەمتری هێنا، وەلا دەندرێت.
- ٧ ئەگەر کتێبەکە پتر لە دانەرێکی هەبێت، هەموو دانەرەکان سوودی لێدەبینن.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: ٠٦٦ ٢٥٦٢٣٣٦٦
www.mhe-krg.org
E-mail: xoyati٢٠٠٦@yahoo.com
هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٦٢٣٣٦٦

٢. چاپتەرێک لە کتێبی بڵاوکراوە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- لە پسپۆری وورد یان گشتی نووسەر بێت.
- داندراو بێت (چاپتەر لە کتێبی وەرگێڕدراو ئەژمار ناکرێت).
- ڕەزامەندی لیژنەی زانستی بەش و لیژنەی دانان و وەرگێڕانی ناوەندی زانکۆی هەبێت بەر لە چاپکردنی
- ئەگەر چاپتەر بەکاربهێنرێت ئەوا پێویستە هەرچاپتەرێک بەتەنها لیستی سەرچاوەکانی هەبێت و بەلای کەم سێ لەسەرچاوەکانی چاپتەرەکە توێژینەوەی بڵاوکراوەی دانەرەکە بێت.
- لە بەرزکردنەوە تەنها سوود لە یەک چاپتەر وەردەگیردرێت.
- لە بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سوود لە چاپتەر یان کتێب وەردەگیردرێت و نابێت سوود لە هەردوکیان وەربگیردرێت.
- لەکاتی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دەنێردرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن بەمەبەستی کۆکردنەوەی خاڵی تۆژینەوە، ئەگەر لە هەشت خاڵ کەمتری هێنا، وەلا دەندرێت.
- چاپتەر پێویستە بەشێکی کتێبێکی ئەکادیمی بێت و بەلای کەم دەیەکی قەبارەی کتێبەکە پێکبێنێت.

مادەی هەشتەم: مەرجەکانی گۆڤاری مەحکەم

١. لە یەکێک لەم لایەنانە دەربچێت:

أ. لەلایەن زانکۆیەکی باوەڕپێکراو یان دەزگایەکی زانستی ئەکادیمی باوەڕپێکراو.

ب. لەلایەن دەزگایەکی چاپی ئەکادیمی نێودەوڵەتی یان کۆمەڵەیەکی (ڕێکخراوێکی) ئەکادیمی نێودەوڵەتی دەربچێت، لەم حەڵەتەدا پێویستە گۆڤارەکە فاکتەری کاریگەری Impact Factor هەبێت بەگوێرەی لیستی دەزگای Thomson Reuters .

٢. بەشێوەیەکی دەوری و ڕێکوپێک دەربچێت و بەلای کەم ساڵی دوو ژمارەی لێ دەربچێت.

٣. هەڵسەنگاندنی زانستی لەلایەن پسپۆری وورد بۆ هەموو تۆژینەوە بڵاوکراوەکانی ئەنجام بدات ( peer review) .

٤. هەموو ئەندامانی هەردوو دەستەی نووسەران (تحرير) و دەستەی ڕاوێژکارانی پلەی زانستیان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر (یان هاوتاکەی) کەمتر نەبێت.

٥. ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی ISSNی هەبێت.

٦. فاکتەری کاریگەری (Impact Factor)ی هەبێت، ئەگەرنا، متمانەی لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەست هێنابێت.

٧. لەکاتێک لەلایەن لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلێژ(فاکەڵتی) یان ناوەندی گومان یان نیگەرانیەک لەسەر گۆڤارێک هەبوو، ئەوا ئەنجومەنی زانکۆ یەکلای دەکاتەوە.

٨. ئەگەر بەشێوەی ئەلکترۆنی دەربچێت پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

أ. لەسەر ماڵپەری دەزگاکەی کە دەریدەکات لەسەر ئەنتەرنێت هەبێت.

ب. لە یەکێک لە دەزگاکانی کە لە خاڵی ١ ی ئەم ماددەیە باسکراوە دەربچێت.

ت. فاکتەری کاریگەری Impact Factor هەبێت.

## فەسڵی دووەم

## پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

**مادەی نۆیەم: پێکهێنانی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەر ئاستی کۆلێژ**

١. ئەنجومەنی کۆلێژ لە هەر کۆلیژێک (یان فاکەلتیەک) لیژنەیەکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەرۆکێک و چوار ئەندام پێکدەهێنێت . سەرۆکی لیژنە لە ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە بە پلەی پرۆفیسۆر کە باشتر وایە کە زمانی کوردی بزانێت دادەندرێت. چوار ئەندامەکەی تریش لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژان لە کۆلیژەکە دەسنیشان دەکرێن بە مەرجێک پلەی زانستیان پرۆفیسۆر بێت (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو)، هەروەها پێویستە پسپۆری چوار ئەندامەکە جیاواز بێت.

٢. ئەگەر پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان کەسانی بەتوانا لە کۆلیژ (فاکەڵتی) نەبوو، ئەوا ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) دەتوانێت ستاف لە کۆلیژێکی تر یان زانکۆیەکی تر بخوازێت وەکو ئەندامی لیژنەکە.

٣. لیژنەکە لەنێوان خۆیان بڕیارنووسێک (مقرر) هەڵدەبژێرن.

٤. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سکرتێرێکی دەبێت کە مەرجە دەرچووی کۆلیژ بێت و زمانی ئینگلیزی و کوردی بزانێت.

٥. ماوەی ئەندامێتی سێ ساڵە و ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) ساڵانە بۆی هەیە تا ماوەی سێ ساڵ کاری لیژنەکە درێژ بکاتەوە.

٦. ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) بۆی هەیە لە هەرکاتێک بە پێویستی زانی پێشنیازی گۆڕانکاری لە لیژنەکە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرزبکاتەوە.

مادەی دەیەم: پێکهێنانی لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەر ئاستی زانکۆ یان زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان

١. ئەنجومەنی زانکۆ (زانکۆی پۆلیتەکنیکی) لیژنەیەکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەرۆکێک و چوار تا شەش ئەندام پێکدەهێنێت . سەرۆکی لیژنە لە ئەندامێکی دەستەی وانەووتنەوە بە پلەی پرۆفیسۆر دادەندرێت و باشتروایە زمانی کوردی بزانێت. ئەندامەکانی تر لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژان لە کۆلیژەکان (فاکەڵتیەکان یان پەیمانگاکان) دەسنیشان دەکرێن بە مەرجێک پلەی زانستیان پرۆفیسۆر بێت (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو)، هەروەها پێویستە پسپۆری ئەندامەکان جیاواز بێت.

٢. لیژنەکە لەنێوان خۆیان بریارنووسێک (مقرر) هەڵدەبژێرن.

٣. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سکرتێرێکی دەبێت کە مەرجە دەرچووی کۆلیژ بێت و زمانی ئینگلیزی و کوردی بزانێت.

٤. ماوەی ئەندامێتی سێ ساڵە و ئەنجومەنی زانکۆ ساڵانە بۆی هەیە تا ماوەی سێ ساڵ کاری لیژنەکە درێژ بکاتەوە.

٥. ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە لە هەرکاتێک لیژنەکە بگۆرێت یان گۆڕانکاری تێدا بکات.

مادەی یازدەیەم : پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی

١. داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دوای تەواوکردنی کاتی یاسایی بۆ بەرزکردنەوەی پلە زانستیەکەی، ئەم دۆکیۆمێنتانە پێشکەش بە سەرۆکی بەش دەکات (بۆ سەرۆکی لق لەو کۆلیژانەی بەشیان نیە):

أ. نووسراوێک کە واژۆ و ئیمێل و ڕێکەوتی لەسەر بێت و تێیدا داوای بەرزکردنەوە بکات.

ب. چوار کۆپی لە هەر توێژینەوەیەک یان کتێبێک کە لە ماوەی پاش دوا بەرزکردنەوە بڵاویکردبێتەوە.

ت. نامەکانی خوێندنی باڵای خۆی (ماستەر، دکتۆرا)، ئەگەر توێژینەوەی هاوبەش بوون، نامەکانی ماستەرو دکتۆرای هاوکارەکان هەمویان.

ث. نامەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر ، دکتۆرا) کە سەرپەرشتی کردوون (ئەگەر توێژینەوەی هاوبەش بوون پێویستە ئەو نامانەش پێشکەش بکات کە هاوکارەکانی سەرپەرشتیان کردوون).

ج. پەڕاوی (سیپارەی) تایبەت بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، ئەو بڕگانە پڕدەکاتەوە کە بۆ داواکار داندراون.

٢. دەکرێت داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بەر لە ماوەی یاسایی پێویست پێشکەش بە بەش بکرێت بە گوێرەی ئەم خاڵانە:

أ. بۆ پلەی پرۆفیسۆری بەر لە یەک ساڵ

ب. بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەر لە شەش مانگ

ت. بۆ پلەی مامۆستا بەر لە سێ مانگ

بەڵام ڕێکەوتی پێدانی نازناو ڕێکەوتی تەواوکردنی ماوەی یاسایی دەبێت

٣. سەرۆکی بەش (لق) لیژنەیەکی هەڵێنجاندن (استلال) بە نهێنی پێشنیار دەکا بۆ راگری کۆلیژ و ئەویش لیژنەکە پێکدەهێنێت بۆ سەیرکردنی ڕێژەی هەڵێنجاندن لە نامەکانی ماستەرو دکتۆرا. لیژنەی هەڵێنجاندن (استلال) پێویستە لە ماوەی سێ هەفتە فۆرمی هەڵێنجاندن (استلال) بە نهێنی پێشکەش سەرۆکی بەش بکات. ڕێژەی هەڵێنجاندن (استلال) بەپێی فۆرمی تایبەت دیار دەکرێت کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییە دا هەیە.

٤. سەرۆکی بەش داوا لە داواکار دەکات سیمینار بۆ توێژینەوەکانی پێشکەش بکات و کات و شوێنی سیمینار دیار دەکات. پاشان سەرۆکی بەش فۆرمی سیمینار پڕدەکاتەوەو واژۆی دەکاو دەیخاتە ناو مامەڵەکە.

٥. سەرۆکی بەش مامەڵەکە ووردبینی دەکات کە ئەم پێداویستانەی تێدابێت:

- نووسراوی داواکاری داواکار (cover letter)
- فۆرمی هەڵێنجاندن (استلال)
- فۆرمی سیمینار
- بڕوانامەی خولەکانی ڕێگەکانی وانەووتنەوە

- فەرمانە کارگێرپەکانی بەرزکردنەوەکانی پێشوو
- چوار کۆپی تۆژینەوەو بلاوکراوەکان
- پەراوی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی (لاپەرەی تایبەت بەسەرۆکی بەش پردەکاتەوە)

٦. ئەگەرمامەڵەکە کەموکوری تیدابوو لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە تێنەپەرێت ئاگاداری داواکار دەکاتەوە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکەی، ئەگەر کەموکوری تێدا نەبوو مامەڵەکە لە ماوەی سێ هەفتە تێبنەپەرێت دەنێرێت بۆ راگری کۆلیژ (فاکەڵتی) و راگری کۆلیژ لاپەرەی تایبەت بە خۆی لە پەراوی (سیپارەی) بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پر دەکاتەوەو لەماوەی کە لە سێ هەفتە تێنەپەرێت دەنێرێت بۆ لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلیژ (فاکەڵتی). لیژنەی بەرزکردنەوەی کۆلیژ(فاکەڵتی) پێویستە بە ئیمێل ئاگاداری داواکار بکاتەوە کە مامەڵەکەی گەیشتە لیژنە. ئەگەر لەماوەی یەک مانگ دوای پێشکەشکردنی سیمینار مامەڵەکە نەگەیشتە لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلیژ (فاکەڵتی)، داواکار مافی سکاڵای هەیە لە لای لیژنەی گازاندەی ناوەندی.

٧. بۆ هەموو پلەکان جگە لە پلەی پرۆفیسۆری، لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کۆلیژ (فاکەڵتی) وورددبینی مامەڵەکە دەکات. ئەگەر هەر ناتەواویەکی تێدا بوو لەماوەیەک کە لە سێ هەفتە تێپەر نەکات سەرۆکی بەشی لێئاگادار دەکرێتەوە. ئەگەر هەموو پێداویستیەکانی تەواو بوو، هەموو تۆژینەوەو کتێبەکان بە نهێنی و بە هەماهەنگی لە نێوان سەرۆکی لیژنەی بەرزکردنەوەو بریارنووسی لیژنەکە بۆ سێ هەڵسەنگێنەر دەنێردرێت.

٨. هەڵسەنگێنەرەکان پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدا بێت:

أ. پسپۆریان هەمان پسپۆری داواکار بێت.

ب. پلەی زانستیان لە پلەی زانستی داواکار بەرزتر بێت یان هەمان پلەی زانستی داواکار بێت.

کارمەندی زانکۆ یان پەیمانگا یان دەزگاکانی تۆژینەوەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی فیدراڵی بن. وا باشترە هەڵسەنگێنەرەکان کارمەندی زانکۆی داواکار نەبن. ئەگەر لەو دەزگایانە کەسی گونجاو نەبوو، ئەوا دەکرێت لەدەرەوەی ئەو دەزگایانە هەڵسەنگێنەر دەسنیشان بکرێت، لەوکاتەدا پێویستە هەڵسەنگێنەر بروانامەی دکتۆرای هەبێت و شارەزا بێت.

٩. هەڵسەنگێنەرەکان پێویستە لەماوەی ٦٠ ڕۆژ فۆرمی هەڵسەنگاندن بە پڕکراوەیی بنێرنەوە بۆ لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی. ئەگەر لەو ماوەیە نەگەڕایەوە، لیژنە دەتوانێت مامەڵەکە بۆ هەڵسەنگێنەری تر بنێرێت کە هەمان مەرجەکانی هەڵسەنگێنەری تێدابێت. لەو بارەدا هەڵسەنگاندنی یەکەم (کە دواکەوتبوو) لادەبردرێت هەرچەندە پێش هەڵسەنگاندنی دووەمیش بگەڕێتەوە.

١٠. دوای گەڕانەوەی هەموو فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن، لیژنەی بەرزکردنەوە لەماوەی سێ هەفتە تێپەڕ نەکات ڕاپۆرتی خۆی لەڕێگەی ڕاگری کۆلیژ(فاکەڵتی) دەداتە ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) کە فۆرمی تایبەت بە خاڵەکانی هەڵسەنگاندن و ڕاسپاردەی لیژنەی تێدایە. ئەنجومەنیش لەماوەی سێ هەفتە تێپەڕ نەکات ئەگەر مامەڵەکە ڕەتکرایەوە ئەوا بە نوسراوی فەرمی لەڕێگەی لیژنەی بەرزکردنەوە خاوەن مامەڵەکە ئاگادار دەکەنەوە، ئەگەر مامەڵەکەش تەواو بوو، لەماوەیەک کە لە سێ هەفتە تێپەڕ نەکات ڕاسپاردەکە بۆ سەرۆکی زانکۆ بەرز دەکاتەوە.

١١. دوای پەسەندکردنی کۆنووسی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەلایەن سەرۆکی زانکۆ (کۆنوسی لیژنەی بەرزکردنەوە بە کۆنوسی ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) بۆ سەرۆکی زانکۆ دەنێردرێت)، لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەکۆلیژ (فاکەڵتی) مامەڵەکە و هەموو بەراییەکان لەڕێگەی ڕاگری کۆلیژ دەنێردرێت بۆ نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ لیژنەی ناوەندی. لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دوای وردبینی کردن، ئەگەر مامەڵەکە کەموکوڕی تێدا بوو ئەوا لەماوەی مانگێک تێنەپەڕێت لیژنەی کۆلیژ (فاکەڵتی) بە نوسراوی فەرمی لێئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر مامەڵەکە تەواو بوو ئەوا لەماوەی سێ هەفتە تێپەڕنەکات، ڕاسپاردەی خۆی لەگەڵ کورتەی مامەڵەکە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرزدەکاتەوە بۆ دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی. بۆ ئەوەی فەرمانی زانکۆیی پێدانی نازناوی زانستی دوانەکەوێت، ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە دەسەڵاتی پەسەندکردنی کۆنووسەکانی لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بدات بە سەرۆکی زانکۆ (جگە بۆ پلەی پرۆفیسۆری نەبێت کە هەر لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆ دەمێنیتەوە). ئەم گواستنەوەی دەسەڵاتە تەنها بۆ یەک ساڵەو ساڵانە پێویستە نوێ بکرێتەوە.

١٢. بۆ پلەی پرۆفیسۆری، دوای جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ١-٤ لە مادەی دەیەم لەم ڕێنماییە، سەرۆکی بەش ئەگەرمامەڵەکە کەموکوڕی تیدابوو لە ماوەیەک کە لە یەک هەفتە تێنەپەڕێت ئاگاداری داواکار دەکاتەوە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکەی، ئەگەر کەموکوڕی تێدا نەبوو مامەڵەکە لە ماوەی دوو هەفتە تێبنەپەڕێت دەنێرێت بۆ ڕاگری کۆلیژ (فاکەڵتی)، ئەویش لاپەڕەی تایبەت بە ڕاگر لە فۆرمی بەرزکردنەوە پڕ دەکاتەوەو لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە تێنەپەڕێت لە ڕێگەی سەرۆکی زانکۆ بۆ لیژنەی ناوەندی بەرزی دەکاتەوە. لیژنەی ناوەندی پێویستە بە ئیمێل ئاگاداری داواکار بکاتەوە کە مامەڵەکەی گەیشتە لیژنە.

ئەگەر لە ماوەی مانگێک دوای ئەنجامدانی سیمینار مامەڵەکە نەگەیشتە لیژنەی ناوەندی، داواکار بۆی هەیە سکاڵا لە لای لیژنەی گازاندەی ناوەندی تۆمار بکا.

لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دوای ووردبین کردن، ئەگەر مامەڵەکە کەموکوڕی تێدا بوو ئەوا لەماوەی مانگێک تێنەپەڕێت لیژنەی کۆلیژ (فاکەڵتی) لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر مامەڵەکە تەواو بوو، ئەوا بۆ سێ شارەزای دەنێرێت کە ئەم مەرجانەیان تێدابێت:

- پسپۆریان لە هەمان پسپۆری داواکار بێت
- پلەی زانستیان پرۆفیسۆر بێت
- لە کاتی ناردنی مامەڵەکە لە زانکۆیەکی ڕەسەن کار بکەن
- دوو لە هەڵسەنگێنەرەکان لە کاتی ناردنی مامەڵەکە لە دەرەوەی عێراق لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو یان سێنتەرێکی توێژینەوەی زانستی ئەکادیمی باوەڕپێکراو کاربکەن .

دوای گەڕانەوەی هەموو فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن، لیژنەی بەرزکردنەوەی ناوەندی لەماوەی مانگێک تێپەڕ نەکات ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێگەی سەرۆکی زانکۆ دەداتە ئەنجومەنی زانکۆ کە پەڕاوی بەرزکردنەوەو کورتەی ڕای هەڵسەنگێنەرەکان و ڕاسپاردەی لیژنەی تێدایە. ئەگەر مامەڵەکە ڕەتکرابووەوە ئەوا لەماوەی دوو هەفتە تێپەڕنەکات ئەنجومەن بە نووسراوی فەرمی لە ڕێگەی لیژنەی ناوەندی خاوەن مامەڵەکە ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر مامەڵەکەش تەواو بوو، ئەنجومەنی زانکۆ بڕیار دەدات کە :

- فەرمانی زانکۆیی بۆ دەربکرێت
- سوپاس و پێزانینی لە ئەنجومەنی زانکۆ پێ بدرێت
- کاتێکی بۆ دابنرێت بۆ سازدانی سیمینارێک دەربارەی ژیانی ئەکادیمی خۆی. زانکۆ هەموو ئەرکی رێکخستن و راگەیاندنی ئەم بۆنەیە دەخاتە ئەستۆی خۆی.

١٣. مامەڵەی بەڕێزان سەرۆکی زانکۆکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان لەدەسەڵاتی بەڕێز وەزیرە کە بە نهێنی بۆ زانکۆیەکی دی دەنێرێت.

١٤. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ڕاگرەکان و یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ و پلە تایبەتەکان، لە دەسەڵاتی سەرۆک زانکۆیە کە مامەڵەکە بدات بە لیژنەی بەرزکردنەوەی ناوەندی یان بۆ زانکۆیەکی تری بنێرێت.

## فەسڵی سێیەم

## گازاندە

مادەی دوازدەیەم : گازاندە و پێکهێنان و دەسەڵاتی لیژنەی گازاندە

١. هەر داواکارێکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆی هەیە گازاندە لەسەر بڕیاری رەتکردنەوەی بەرزکردنەوەکەی تۆمار بکا، بەمەرجێک ماوەی ٣٠ رۆژ پتر بەسەر بەفەرمی ئاگادارکردنەوەی تێپەڕ نەبوویێت.

٢. خاوەنی گازاندە پێویستە بە نووسراوێک ئەو خاڵانە دیاربکا کە گومانی نا دادپەروەری یان کەموکوڕی تێدا هەیە و لە رێگەی سەرۆکی بەش و ڕاگری کۆلیژ(فاکەڵتی) بیدات بەسەرۆکی زانکۆ. سەرۆکی زانکۆش لە ماوەی سێ هەفتە تێپەڕ نەکات دەینێرێت بۆ لیژنەی گازاندە.

٣. ئەنجومەنی زانکۆ (زانکۆی پۆلیتەکنیکی) لیژنەیەکی گازاندە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەرۆکێک و چوار ئەندام پێکدەهێنێت . سەرۆکی لیژنە لە ئەندامێکی دەستەی وانەووتنەوە بە پلەی پرۆفیسۆر دادەندرێت و پێویستە زمانی کوردی بزانێت. ئەندامەکانی تریش لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژان لە کۆلیژەکان (فاکەڵتیەکان یان پەیمانگاکان) دەسنیشان دەکرێن بە مەرجێک پلەی زانستیان پرۆفیسۆر بێت- پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو)، هەروەها پێویستە پسپۆری ئەندامەکان جیاواز بێت و یەکێکیان پسپۆریەکەی لە یاسا بێت.

٤. لیژنەکە لەنێوان خۆیان بڕیارنووسێک (مقرر) هەڵدەبژێرن.

٥. ماوەی ئەندامێتی سێ ساڵە و ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە تەنها بۆ ماوەی یەک جار کاری لیژنەکە درێژ بکاتەوە.

٦. ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە لە هەرکاتێک لیژنەکە بگۆڕێت یان گۆڕانکاری تێدا بکات.

٧. دەسەڵاتی لیژنەی گازاندە ئەمانەن:

أ. لیژنەی گازاندە سەیری ئەو گازاندانە دەکات کە داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) یان ئەنجومەنی زانکۆ (بۆ بەرزکردنەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری) پێشکەشی دەکات.

ب. لیژنەی گازاندە ووردبینی لە هەموو جومگەکان و هەنگاوەکانی بەرزکردنەوەکە دەکات و لە ڕێگەی سەرۆکی زانکۆ ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرز دەکاتەوە.

ت. ئەگەر رای لیژنەی گازاندەو لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی جیاواز بوو ئەوا ئەنجومەنی زانکۆ یەکلای دەکاتەوە، لەوکاتە ئەگەر داوای ناردنەوەی توێژینەوەکان کرا بۆ هەڵسەنگێنەری تر ئەوا پێویستە هەموو توێژینەوەکان بەیەکەوە جارێکی تر بنێردرێنەوە بۆ هەڵسەنگاندن و مامەڵەکە یەکپارچەیەو دابەش ناکرێت.

ث. ئەنجومەنی زانکۆ بڕیار لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی گازاندە دەدات و بڕیارەکەی کۆتاییە.

## فەسڵی چوارەم

## بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە کۆلێژکانی هونەرەجوانەکان

**مادەی سێزدەیەم : بەرزکردنەوە لە پسپۆری هونەرە جوانەکان**

١. هەر ئەندامێکی دەستەی وانەووتنەوە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان ئەگەر بیەوێت بەرز ببێتەوە بۆ پلەکانی مامۆستاو پرۆفیسۆری یاریدەدەرو پرۆفیسۆر، هەمان مەرجەکانی فەسڵی یەکەم و دووەم و سێیەم و حوکمە کۆتاییەکانی ئەم رێنماییانەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

٢. داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، بەمەرجێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی لە پسپۆری هونەر بێت، مافی هەیە لە بری پێشکەشکردنی تۆژینەوە داوابکات کە کارە هونەریەکانی بۆ ئەژمار بکرێت، ئەوکات ئەم مەرجانەی لەسەر جێبەجێ دەبێت:

أ. نازناوی زانستیەکەی دەبێتە یەکێک لەم نازناوانەی خوارەوە:

- مامۆستای یاریدەدەری هونەر
- مامۆستای هونەر
- پرۆفیسۆری یاریدەدەری هونەر
- پرۆفیسۆری هونەر

ب. ئەم نازناوانە هەمان ماف و جیاووکی نازناوە ئەکادیمیە بەرامبەرەکەیان هەیە.

ت. ئەگەر یەکێک نازناوێکی زانستی هونەری لەوانەی سەرەوەی وەرگرت، ئیتر دەبێت هەموو بەرزکردنەوەکانی داهاتووی نازناوی هونەری بێت و نابێت نازناوەکان تێکەڵ بکرێت.

٣. مەبەست لە کاری هونەری ئەو کارانەیە کە لە ستاندەری هونەریدا وەسفی کاری بۆکراوە (job description).

٤. بۆ ئەوەی کارێکی هونەری بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ئەژمار بکرێت، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ. شانۆ: کارێکی هونەری لە شانۆیەک کە لە فیستیڤاڵێکی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم یان گەورەتر بەشداری کردبێت .

ب. سینەما: کارێکی هونەری لە فلیمێک کە لە فیستیڤاڵێکی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم یان گەورەتر بەشداری کردبێت.

ت. شێوەکاری: بە کارێک یان پتر لە پێشانگایەکی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم یان گەورەتر بەشداری کردبێت.

ث. میوزیک: بە شێوەیەکی تاک یان گروپ لە فیستیڤاڵێکی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم یان گەورەتر بەشداری کردبێت.

ج.هەرکارێکی تری ستاندارد کە لە فیستیڤاڵێکی هونەری لەسەر ئاستی هەرێم یان گەورەتر بەشداری کردبێت.

٥. هەر پێنج کاری هونەری بە یەک تۆژینەوەی بڵاوکراوە ئەژمار دەکرێت.

## فەسڵی پێنجەم

## حوکمە کۆتاییەکان

### مادەی چواردەیەم

١. بەشی زانستی تەنها لەیەک حاڵەتدا داواکاری بەرزکردنەوە لە ئەندامی دەستەی وانەووتنەوە وەردەگرێت ئەویش کاتێک داواکار هەموو پێداویستیەکانی تەواو کردبێت.

٢. دەرچوون لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری بریتیە لە هێنانی کەمترین نمرەی پێویست یان کەمترین خاڵی پێویست لە دووان لە سێ فاکتەرەکانی دڵنیایی جۆری (زانستخوازی بەردەوام ، فیدباکی قوتابیان ، هەگبەی مامۆستا).

٣. فۆرمەکانی پاشکۆکانی (١ و ٢ و ٣) و پەڕاوی بەرزکردنەوە بەشێکن لەم ڕێنماییە و بەهیچ شێوەیەک بەتەنها هەموار ناکرێنەوە یان ناگۆڕدرێن.

٤. بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک، تەنها لە یەک کۆنفرانس سوود وەردەگیردرێت. تۆژینەوەی کۆنفرانس ئەگەر لە ژمارەی تایبەتی گۆڤارێکی مەحکەم بڵاوکرابێتەوە ئەوا بە تۆژینەوەی گۆڤار ئەژماردەکرێت.

٥. ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە لە گۆڤار (قبول بالنشر) بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پەسەند دەکرێت، بەڵام مەرجە بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک بەلای کەم یەکێک لە توێژینەوەکان بڵاوکرابێتەوە.

٦. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ پلەکانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر بەلای کەم پێویستە بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک یەک تۆژینەوە تاک (منفرد) بێت.

٧. ئەنجامدانی خولی ڕێگەکانی وانەووتنەوە تەنها یەک جار پێویستە لە ژیانی ئەکادیمی مامۆستای زانکۆ.

٨. ئەنجامی هەڵسەنگاندنی تۆژینەوەکان بە زۆرینە ( دوو لە سێی هەڵسەنگێنەران) دەبێت.

٩. لەم ڕێنماییەدا، لەهەر جێگایەک ناوی زانکۆ هاتبێت ئەوا زانکۆ پۆڵیتەکنیکیەکانیش دەگرێتەوە، لەهەر جێگایەک ناوی سەرۆکی زانکۆ هاتبێت ئەوا سەرۆکی زانکۆ پۆڵیتەکنیکیەکانیش دەگرێتەوە. کۆلێژی تەکنیکی لە زانکۆ پۆڵیتەکنیکیەکان هەمان دەسەڵاتی کۆلێژی (فاکەڵتی) هەیە لە زانکۆیەکان .

پەیمانگاکان تەنها ئەو هەنگاوانە جێبەجێ دەکەن لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کە بەش لە زانکۆکان ئەنجامی دەدات (مادی دەیەم-٤،٣،٢،١)و پاشان لەڕێگەی ڕاگری پەیمانگا دەینێرن بۆ سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیک و ئەویش دەینێرێت بۆ لیژنەی ناوەندی بەرزکردنەوە بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی تر ئەنجام بدات.

١٠. قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا مافی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی نابێت تا خوێندنەکەی تەواو دەکات.

١١. باشتروایە کە هەڵسەنگێنەر لەو بەشە کارنەکات (بەشێوەی هەمیشەیی یان کاتی) کە داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی تێدا کار دەکات.

١٢. باشتروایە کە هەڵسەنگێنەر سەرپەرشتیاری ماستەرنامە یان دکتۆرانامەی داواکار نەبووبێت.

١٣. داواکاری یەکێک کە لە کۆلیژێک کاربکات لە پسپۆری خۆی نەبێت، دەنێردرێت بۆ لیژنەی بەرزکردنەوەی کۆلیژێکی پسپۆڕ.

١٤. هەر زانکۆیەکی تایبەت پێویستە مامەڵەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت، وە لە لایەن وەزارەتەوە بە نهێنی مامەڵەکە ئاراستەی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە یەکێک لە زانکۆ حکومیەکان دەکرێت، پێویستە زانکۆ تایبەتەکە هەموو ئەرکە داراییەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

١٥. نازناوی زانستی بەکەسێک نادرێ ئەگەر خولی ڕێگەکانی وانەوتنەوەی ئەنجام نەدابێ.

١٦. بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی (ڕاگر، یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی زانکۆ) لە دڵنیای جۆری دەبوردرێن.

١٧. داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مافی هەیە ناوی دوو هەڵسەنگێنەر بنووسێت کە نایەوێت توێژینەوەکانی بۆ ئەوان بنێردرێت بۆ هەڵسەنگاندن.

١٨. توێژینەوەی هاوبەش ئەگەر پێشتر بۆ بەرزکردنەوەی یەکێک لە توێژەرەکان نێردرابوو بۆ هەڵسەنگاندن، لە کاتێکدا دوایی بۆ بەرزکرنەوە بۆ هەمان پلە و پلەیەکی خوارتر پێشکەش بکرێت بۆ توێژەرێکی تر دووبارە نانێردرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و ئەنجامەکەی بە باش و خراپ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بەدەر لە حوکمەکانی مادەکانی پێشوو، دەشێ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای باوەڕپێکراو یان هاوتاکانی لە رووی زانستیەوە لە زانکۆکان بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دابمەزرێت لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ ئەگەر بۆ هەمان ماوە وانە وتنەوەی ئەنجام دابێ لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق و شایەدی بۆ بدرێ لە وانە وتنەوە سەرکەوتوو بووە و بەلای کەم پێنج توێژینەوەی ئەنجامدابێ و بڵاوی کردبێتەوە و توێژینەوەکان لە دوای هەڵسەنگاندن بە گوێرەی فۆرمی هەڵسەنگاندن خاڵی پێویستیان بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر کۆکردبێتەوە.

١٩. بەدەر لە حوکمەکانی مادەکانی پێشوو، دەشێ خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای باوەڕپێکراو یان هاوتاکانی لە رووی زانستیەوە لە زانکۆکان بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دابمەزرێت لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ ئەگەر بەلای کەم چوار ساڵ لە سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی دەرەوەی عێراق توێژینەوەی ئەنجام دابێ و شایەدی بۆ بدرێ کە توێژەرێکی سەرکەوتوو بووە و بەلای کەم پێنج توێژینەوەی ئەنجامدابێ و بڵاوی کردبێتەوە و توێژینەوەکان لە دوای هەڵسەنگاندن بە گوێرەی فۆرمی هەڵسەنگاندن هەشت خاڵی پێویستیان کۆکردبێتەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە بەر لەدەرکردنی فەرمانی زانکۆیی داواکار خولی رێگاکانی وانەوتنەوەی ئەنجام دابێ.

٢٠. هەرکەسێک بەدەر لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پلەیەکی زانستی بەخۆی بدا و لە شوێنە گشتی یان تایبەتیەکان یان لەسەر دۆکیۆمێنتەکان بەکاریبێنێت کە بە رێگەی فەرمی وەرینەگرتبێت ئەوا بەرامبەر بە یاسا بەرپرسیار دەبێت.

٢١. لایەنە داراییەکانی پرۆسەی بەرزکردنەوە بە فەرمانێکی وەزاری دیار دەکرێت.

٢٢. ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت. هەر مامەڵەیەک بەر لەو رۆژە پێشکەش کرابێ تا کۆتاییەکەی و هەر گۆڕانکاریەکیشی تێدا بکرێت هەر بە رێنماییەکانی پێشوی بەرزکردنەوەی زانستی ئەنجام دەدرێت.